ژمارە ١٢
نیسانی ٢٠٠٨

# ئەتەکێتی سەردان



ئیدریس ئیبراهیم - سوید

سەردان پرۆسەیەکە کە بەشێوەیێك لە شێوەکان پەیوەندی نێوان تاکەکان، کۆمەڵ، ناسیاوی، خزمایەتی، فەرمی،.....دادەرێژێت، رێکدەخات، درێژەپێدەدات..... سەردان سەرەتای دروستکردنی ئەو پەیوەندییە کە لەلای هەندێك تاك واتای بەهێزکردنی ئاکارو رەفتار دەگەینێ‌و لەوانەیە ببێتە پەیوەندیەکی هەمیشەی‌و زیاتر باوەڕبەیەکترکردن‌و لەیەکنزیکبوونەوە لە زۆر رووەوە، لەوانەشە ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ بەیەکەوە کارکردن‌و دارشتنی بەرنامەی هەمەجۆر. لێرە نامەوێ باس لەبەرنامەو کاری تاکەکان بکەم، کە لەئەنجامی سەردانەکان دروستدەبن، بەڵکو باس لە چۆنییەتی سەردان‌و ئەتەکێتی سەردان دەکەم کە لەلای کۆمەڵگای کوردەواری لەسەرتای دروستبوونە، تاکو ئێستا نەتوانراوە لەو قاوغە تایبەتیە کە لە مێژووی کولتووری ناوچەکە بۆمان ماوەتەوە بچێتە دەرەوە، سەرەرای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو پێداویستیەکانی ئاگاداری‌و سەردان زۆرتر لەسەر شێوازی کۆن دەروا.

پەیوەندیەکانی مرۆڤ لە ئەنجامی کارو پێکەوە خوێندن‌و لەهەمان گەرەك‌و ناوچەکەیدا ژیان دروستبووە، هەر ئەو هۆکارانەش بوونەتە یەکێك لەهۆیەکانی سەردان. سەردان لەوانەیە تەنیا لەنێوان ئەو دووکەسەدا نەمێنێتەوە کە بەرژەوەندیێك پێکەوە کۆیکردونەتەوە، بەڵکو فراوانتر دەبێت، بەڵام چۆن ئەمە رێکدەخرێت‌و دەتواندرێت بۆماوەیەکی درێژ سەردانەکان بەردەوام بن، تا ئێستا باشترین هۆکار بۆ مانەوەی لەیەکگەیشتن شێوەی سەردانە.

لەم کورتە نووسینە دەمەوێ بەکورتی لەسەر ئەتەکێتی سەردان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بدوێم، بەتایبەتیش لە سەر سەردانکردن بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کات‌و شوێن دوو فاکتەری جوانن بۆ مانەوەی ئەو پەیوەندییە، بەتایبەتی لەجیهانی پرئیش‌و بێکاتیدا، دیارکردنی کات گرنگییێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو کەسەی سەردانی دەکەیت، تا بتوانرێ کاتەکە لەگەڵ بەرنامەکانی خۆی بگونجێنێ، ئەمرۆ تەلەفۆن بۆتە باشترین ئامراز بۆ ئەوەی لەکاتێکی کورتدا ئەو بریارە بدەیت‌و کاتەکە دیاریبکرێت، مرۆڤ بێجگە لە کاتی کارکردن کاتی تریشی دەوێت بۆ خوێندنەوەو مانەوە لای منداڵ‌و هاوسەرو دەزگیران‌و وەرزش‌و سەردانی تاکەکانیتر، بۆیە وەك لای خۆمان کە لەسەری راهاتوون گونجاونیە کە لەبەردەرگای ماڵەوە تەلەفۆن بکەیت، یان لەدەرگابدەیت، کە ئەمە هەم شێوەیەکی جواننیە هەم بەمیوانی ناوەختی دەزانن، کە ئەمەش بەمیوانداری ناژمێردرێت‌و بەدەگمەن نەبێت دەرگای بۆ ناکەنەوە، یان راست‌و رەوان بەم جۆرە میوانە دەڵێن کاتمان نییە، ئەگەر کاتیشیان هەبێت لەکاتی دیاریکراویشدا ئەبێت حیساب بۆ خولەکەکان بکرێت تا دەکرێت سەردانەکە زووتر یان دەرەنگتر نەبێت، چونکە کات دیاریکردن تەنیا بۆ سەردانەکە نییە، بەڵکو کاتی هەستانیش دەبێت دیاریبکرێت لەکاتی خۆیدا ماڵئاوی بکرێت، چونکە لەکاتی درەنگکەوتن ماوەی سەردانەکەش کەمتر دەبێتەوە، لەوانەیە راستەوخۆ لەو ماوەی ئەو کاتەدا تەواودەبێت خانەخۆی کارێکی تر یان بەرنامەی تریان هەبێت.. بێجگە لەکات شێوەی سەردانیش دیاریدەکرێت، بۆ نموونە تەنیا بۆ قاوەخواردنەوە یان نانخواردنیشی تێدایە، چونکە میوانەکە پابەند دەبێت بەمەرجەکانی میوانداری، ئامادەکردنی خواردن‌و قاوەو میوەکان کاتی جیای دەوێت‌و ناکرێت هەردووکیان تێکەڵبکرێت. بەکوردەواری خۆمان خۆیان خەوشدار ناکەن‌و میوانیش بەپێی بەرنامەکە خۆی ئامادەدەکات‌و بەرنامەی ماڵی خانەخوێ تێکنادات. هەندێك شتی تریش هەیە کە بۆ سەردان گرنگن، لەوانە جلوبەرگ‌و چۆنیەتی پۆشینیان کە ئەمەش لەسەردان تا سەردان دەگۆرێت، مەبەستەکانی سەردان دیاریان دەکەن، بەڵام ئەوەی زۆر بەروونی لەسەردانەکان بەدیاردەکەوێت ئەوەیە، کە ژنەکان وەك ژنی کوردەواری خۆیان لەزێرو زیو هەڵناکێشن‌و بۆ خۆبەدیارخستن سەردان ناکەن، بەڵکو بۆ دانیشتنی ماوەیەك پێکەوەو یان تەماشاکردنی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی‌و باس‌و خواسی کارو منداڵ



یان پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان یەكترو مۆدێلو شتە جوانەكانی تر.

سەردان بە پێی تەمەنی سەردانو ئاشنابوون دەگۆڕێت، ئەگەر بۆ جاری یەكەم بێت كەسەكە بە چەپكێك گوڵ یان دیارییێكی شیاو دەچێت، ئەگەر گوڵ ببات ئەبێت ڕەچاوی خانەخوێكە بكات ڕەنگی گوڵەكان تێكەڵاو نەكات، لەگەڵ مەبەستی سەردانەكە بگونجێت لەوانەشە بێجگە لە ڕۆژەتایبەتیەكان میوان لەكاتی سەردان پاكەتێك شیرنەمەنی یان كتێبێك لەگەڵ خۆی بەدیاری ببات، پیاو بەگشتی ئەگەر ژنی لەگەڵ دابێت لەكاتی چوونەژوورەوە پێشخۆی دەخاتو لەكاتێك كە بۆ نان خواردن بانگهێشتكرابن بەپێی نەریتی ئەوروپی ژنەكە لەلای ڕاست دادەنیشێ، زۆر گرنگە ئەگەر بۆ نانخواردن بانگهێشتكرابن بزانن میوان حەزی لەكام خواردنە، هەوڵدەدەن بە شێوەیەك بزانن گەرچی خواردنی نوێ شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت ئاگاداری هەندێك نەخۆشیش بن بە تایبەتی ئاخۆ كەسەكە هەستیاری(حەساسیە)ی بەرامبەر كام خواردن هەیەو نەخۆشی شەكری هەیە، چونكە ئاسانە خواردنیتر ئامادەبكرێت، ئەگەر لەو لایەنە زووتر ئاگاداربن، ڕازانەوەی خوانی نانخواردن واتای ڕێز بۆ میوان دەبینێ ، بەڵام پڕكردنی خوانەكەش بەكارێكی جوان تەماشاناكرێت، بەڵكو شێوەی جۆراوجۆری خواردنو كەمی شێوەكان جوانی زیاتر دەدات بە خوانەكە، بۆیە وەك لای خۆمان سینی پڕ لەسەر خوانەكان بە دەگمەن دەبینیو چەرەزاتو شكاندنی دەنكە كولەكەو شوتیو گولەبەڕۆژە لەبەهای دانیشتنی سەردان كەمدەكاتەوە، بۆیە تا ئێستا ئەمانە بە كولتوری سەردانی ئەوروپیەكان نامۆنو هەوڵدەدەن خواردنەكە لە لایەك بێتو قەرەباڵغی بە مێزەكەوە دیارنەبێت، ڕێكوپێكی ناو ماڵ گرینگە بۆ ئەوەی میوان هەست بە كاتێكی خۆش بكاتو پێویستە هەندێك ئەتەكێت لەناو ماڵدا هەبێت، بە تایبەتی پێداویستەكانی توالێت وەك كلینیكسو سابوونو خاولی پاكو بۆنی خۆش هەروەها خاوێنی تولێت، خەڵكەكە والێراهاتووە كە جگەرە لە ژوورەوە نەكێشن، ئەمەش بۆ پاراستنی ژینگەی ژوورەو تەندروستیە، ئەمانەش پەیوەندی بە ڕەفتارە جوانەكانی نێوان خانەخوێو میوان بەهێزتر دەكەن.

سەردان هەروەك لەسەرەوە باسمانكرد، لەسەر بنچینەی هاوسێیەتی دانەمەزراوە، تەنانەت زۆر ئاساییە هاوسێی یەكتر دەیان ساڵ لە باڵەخانەیەك بژین، بەڵام سەردانی یەكترنەكەن.

لە كۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم كە مەبەستی من لەم كورتە بابەتە ئەوە نەبووە كە بەدرێژی باس لە تەواوی لایەنەكانی سەردانو چۆنیەتی ڕازاندنەوەی خوانو كام ڕەنگی گوڵ بۆ كام بۆنە دەگونجێت بكەم، بەڵكو ئەوەی من بەگرینگی دەزانم دانانی كاتی سەردانو ماوەی مانەوەی سەردانو شوێنی سەردانە، چونكە سەردان لە شوێنی كارو پەیوەست نەبوون بە كاتەكان بەلایەكی گەورەن، كە پێویستە لە جیهانی سەردەم بە ئامرازەكانی بەیەكگەیشتنو حەقوایە شوێنی كار نەبێتە شوێنی سەردانو كاتیش لە چاوەڕوانی میواندا بە فیڕۆ نەدرێت، بۆ ستایشو ڕێزگرتنی سەردانەكەش زۆر گرینگو جوانە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ میوانەكە دوای سەردان تەلەفۆنێك بۆ خانەخوێكە بكاتو سوپاسی ئەو كاتەی بكات كە بۆی تەرخانكردوە، هەروەها ئەو ئامادەكارییە كە بۆی نەكردووە.